# دابەشبونی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاری پارکە گشتییەکان وپێداویستییەکانیان لە ئێستا و ئایندەدا لە شاری سلێمانیدا

**پ. ی. د. شیروان عمر رشید**
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی جوگرافیا
Shirwan.rashid@univsul.edu.iq

**گەشاو فازڵ فاتح/ خوێندکاری ماستەر**
زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردە
بەشی جوگرافیا
gashaw.fazil@gmail.com

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ دەرخستنی چۆنێتی دابە شبونی جوگرافی پارکەگشتیەکانە لە شاری سلێمانی، وەدەرخستنی پشکی تاک لە ڕووبەری پارکە گشتیەکان لەئێستا و داهاتودا بەبەروار بەژمارەی دانیشتوانی شارەکە. بەئامانجی گەیشتن و پێکانی ئامانجە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەکە، سەرەتا شوێنی جوگرافی و ڕووبەر و دانیشتوانی شارەکە خراوەتە ڕوو، لە تەوەری دووەمدا دابەشبونی جوگرافی و ژمارە و ڕوبەری پارکەگشتیەکان لەناوچەی توێژینەوە خراوەتەڕوو لەئێستادا، پاشان بەپێی پێوەرە جیهانیەکان خەمڵاندنی پێداویستی دانیشتوان بەپێی پشکی تاک بۆ خزمەتگوزاریی پارکە گشتییەکان بۆ ساڵانی (2029-2039) خراوەتە ڕوو. لەدەرئەنجامدا دەرکەوت سەرەڕای ئەوەی شاری سلێمانی تاڕادەیەک خاوەنی ڕوبەری پێویستە لەپارکە گشتیەکان بەپێی پێوەرە جیهانیەکان، بەوەی ڕووبەری پشکی تاک بریتیە لە ( 15.5م²) کەنزیکە لە پێوەری جیهانی (16.2م²)، بەڵام ناڕێکی هەیە دابەشبونی شوێنی پارکەگشتیەکان، بەشێوەیەک پارکە گشتیەکان چڕبونەتەوە لە بەشی باکور و ناوەند و تاڕادەیەک باشوری شارەکە، وە نەبوونی هیچ پارکێکی گشتی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە کە ناوچەیەکی چڕی بەرزە لە دانیشتوان. هەروەها جیاوازیەکی گەورە بەدی دەکرێت لە نێوان پارکە گشتیەکاندا لە ڕووی ڕوبەرەوە. شارەکە لەئێستادا پێوستی بە دوو پارکی گشتی مامناوەند ڕووبەر هەیە لە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژئاوا. لەداهاتوودا شارەکە پێویستی بە زیادکردنی ڕووبەری پارکە گشتیەکان هەیە بە پێی سێ ئەگەری جیاوازی گەشەی دانیشتوان (نزم، ناوەند و بەرز) بۆ ساڵانی ئامانج (2029-2039). پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ دیاریکردنی ڕوبەر و شوێنی گونجاو بۆ پارکە گشتیەکان بەڕەچاوکردنی چڕی و دابەشبونی شوێنی دانیشتوان لەداهاتوودا، بەئامانجی چارەسەرکردنی گرفتی ناڕێکی دابەشبونی پارکە گشتیەکان لە شارەکەدا، لەسەر بنەماو پێوەرەکانی پلانسازی شاردا.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## Abstract

The study was conducted to determine how to divide the geographical location of public parks in the city of Sulaymaniyah, and to determine the per capita share of public parks in current and future areas according to the population of the city. In order to achieve the main objectives of the study, first section dedicated to the geographical location of the city, the area and the population, in the second section the number, area and the geographical distribution of the public parks were determined. Then it was estimated that according to international standards, the needs of the population will depend on the per capita share of the public parks service for the years (2029-2039). The results show that although the city of Sulaymaniyah has a certain area of land in the public parks according to international standards, the per capita share (15.5m2) which is almost close to the global standard (16.2 m2), but There is also a big difference between public parks in terms of area. But there is an inequality of the distribution of public parks, with the public parks as concentrated in the northern and central parts and somewhat south of the city, and the lack of any public parks in the eastern part of the city, which is a densely populated area. The city currently needs two medium-sized public parks on the east and southwest sides. In the future, the city will need to increase the area of public parks based on three different population growth prospects (low, medium and high) for the target years (2029-2039). Efforts must be made to determine the appropriate area and location for public parks, taking into account the density and distribution of residential areas in the future, with the aim of solving the problem of unequal distribution of public parks in the city, based on an urban planning standard.


## پێشەکی:

قەرەباڵغی شارەکان بەتایبەتی لەسەنتەری شارەکاندا، بەهۆی بەرەوپێشچوونی شارستانی و زیاتر ئاوەدانکردنەوەی شارەکان وایکردووە داواکاری لەسەر بەکارهێنانی زەویەکان بۆ مەبەستی بازرگانی و پێشەسازی ونیشتەجێبوون ڕۆژبەڕۆژ ڕوولەهەڵکشان بێت، ئەم گرفتە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەی بەردەوامی شارەکان زیاتردەبیت، ئەمەش وادەکات ژیان لەناو شاردا تاڕادەیەکی زۆر ماندووکەر و سەخت بێت وئاکامی ئەمەش دەبیتە هۆی هیلاکی دەرونی دانیشتوان وبڵاو بونەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی وەک هەژاری وبێکاری وزیادبونی تاوان لەناو شاردا. پارکەگشتیەکان وەک چارەسەرێکی ئاسان و کەمتێچوو ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ چارەسەری خێرا، چونکە پارکە گشتیەکان دادەنرێن بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی پشودان و حەوانەوە کات بەسەربردن، جگەلەوەی ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ ژینگە لەڕووی ئیکۆلۆجیەوە، هەر بۆیە دەکریت پارکەگشتیەکان ببێتە خاڵێکی بەرچاو و گرنگ لە پلانسازی شارەکاندا بە شێوەیەک هەوڵبدرێت بۆ زیادکردن و فراوانکردنی پارکەگشتیەکان کە بتوانرێت هاوسەنگیەکی گونجاو فەراهەم بکرێت لە نێوان فراوانبوونی ئاسۆیی شارەکان و ناوچە سەوزایەکاندا. ئەم توێژینەوەیە بایەخ دەدات بە دەرخستنی دابەشبونی جوگرافی و ڕوبەری پارکە گشتییەکان لە شاری سلێمانیدا، وەئایا ئەم پارکانە دابەشبونیان وە رووبەریان گونجاوە بەوشێوەیەی کە هەموو دانیشتوان لێیان سودمەندبن، هەروەها پیشاندانی ڕووبەر و دابەشبونی ئەم پارکانە لە ناوچەکەدا لە ئێستادا، توانای سودلێوەرگرتنیان لەلایەن دانیشتوانەوە و



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەستنیشانکردنی بڕی پێویست بۆ ئێستا بەپشتبەستن بە پێوەرە جیهانییەکان،وەخەمڵاندنی بڕی پێویستی مەزەندەکراو بە پشت بەستن بە خەمڵاندنی گەشەی دانیشتوان بۆ دوو دەیەی داهاتوو.

**کێشـەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوەکە خۆی لە چۆنیەتی دابەشبونی پارکە گشتییە کان وپڕکردنەوەی پێداویستی دانیشتوان دەبینێتەوە لە ئیستاو داهاتوودا.دەتوانین بەشێوەی پرسیار بیخەینەڕوو:

١. ئایا تاچ ڕادەیەک دابەشبوونی پارکە گشتیەکان لە شاری سلێمانی دابەشبوونێکی هاوسەنگە؟

٢. ئایا تاچەندێک ڕوبەری پارکە گشتیەکان پێداویستی دانیشتوانی شارەکە پڕدەکەنەوە، بەبەراورد بەژمارەی دانیشتوانی شارەکە، لەڕووی پشکی تاکەوە؟

٣. پێداویستی دانیشتوان لەداهاتوودا بۆ پارکەگشتیەکان چەندە بەپێی پێوەرە جیهانیەکان لەڕووی پشکی تاکەوە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:** گریمانەی هەر توێژینەوەیەک خۆی لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە، کە بریتیە لە مانەی خوارەوە:

١. دابەشبوونی پارکە گشتییەکان لەشاری سلێمانی تاڕادەیەک ناهاوسەنگە.

٢. بەپێی پێوەرە جیهانیەکان لەئێستادا شاری سلێمانی تاڕادەیەک خاوەنی ڕووبەری پێویست لەڕووی پشکی تاکە لەپارکەگشتیەکان.

٣. لەداهاتوودا ناوچەی توێژینەوە پێویستی بە زیادکردنی پارکە گشتیەکان هەیە بەڕەچاوکردنی بنەما پلانسازی و پێوەرە جیهانیەکان.

**گرنگی توێژینەوە:** پارک و باخچە گشتیەکان دادەنرێن بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی پشودان و حەوانەوە و کات بەسەربردن بەدرێژای مێژوو لە شارەکاندا، لەئێستادا بەهۆی زیاتر بەرەوپێشچوونی شارستانی شارەکان، داواکاری لەسەر ئەم خزمەتگوزاریە ڕوو لەهەڵکشانە بە هۆی بەرزبوونەوەی داواکاری لەسەر بەکارهێنانی زەویەکان بۆ مەبەستی بازرگانی و پیشەسازی و نیشتەجێبوون، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر ناوچە سەوزاییەکان بەگشتی و پارکە گشتیەکان بەتایبەتی، گەشەی خێرای شاری سلێمانی و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی وایکردووە گرنگیدان بەپارکە گشتیەکان بۆتە پێویستیەکی هەرەلەپێشێنەی شارەکە، ئەمە سەرەڕای سودی گەورەی پارکە گشتیەکان بۆ ژینگە و فاکتەری ڕاکێشانی گەشتیار، بۆیە پێویستە هەوڵبدرێت خزمەتگوزاری پارکە گشتیەکان گرنگی زیاتری پێبدرێت بەشێوەیەک هاوسەنگ و گونجاوبێت لەگەڵ فراوانبونی شارەکە و زیادبونی ژمارەی دانیشتوانەکەی.

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

١- دەرخستنی چۆنێتی دابەشبون و ڕوبەری پارکە گشتیەکان.

٢- هەڵسەنگاندنی پشکی تاک لە ڕووبەری پارکە گشتیەکان لە ئێستادا.

٣- خەمڵاندنی بڕی پێویست لە ڕووبەری پارکی گشتی بەبەراورد بەزیادبونی ژمارەی دانیشتوان لە ئایندەدا.

**پلانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەسەر سێ تەوەر دابەشکراوە، لەتەوەری یەکەمدا ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی زارەوە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو، تەوەرەی دووەم ئەدوێت لە سەر دابەشبونی جوگرافی پارکەگشتیەکان لەناوچەی توێژینەوە، لەتەوەری سێیەمدا خەمڵاندنی پێداویستی دانیشتوان بۆ خزمەتگوزاریی پارکە گشتییەکان بۆ ساڵی ئامانج (٢٠٢٩-٢٠٣٩) خراوەتە ڕوو.

**میتۆدی توێژینەوە:** ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی وا دەخوازێت کە توێژەر میتۆدێک یان چەند میتۆدێکی زانستی بەکاربهێنێت، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (شیکاری و ئوسولی) بەکارهاتووە.

لەگەڵ بەکارهێنانی سەرچاوەی مەکتەبی، توێژینەوەی مەیدانی، پێشاندانی داتاکان لە ڕێگەی چەندین خشتەو نەخشەو وێنە، سەرەڕای بەکارهێنانی ئامێری وێنەگرتن و جی پی ئیس ، هەروەها بەرنامەی (GIS).

**تەوەری یەکەم : ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی زارەوە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:**


**یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:**

**١: شوێنی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی :**

شوێنی جوگرافی وەک یەکێک لە بنەماکانی ژینگەی سروشتی هەر وەک چۆن ڕۆڵی گەورەی هەیە لە سەر دیاری کردنی شوێنی وولات و شار و ناوچەکان، بە هەمان شێوە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر سەنتەری خزمەتگوزاریەکان و شوێنی بەرهەمهێنان و بەکار بردنیان وە شێوازی دابەشبوونیان(شاد حمید، 2019، ل12). هەروەها شوێنی جوگرافی گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر لایەنی ئابووری و مێژووی بە هەمان شێوە کاریگەریەکی بەرچاووی هەیە لەسەر هەبوون و بنیاتنانی خزمەتگوزاریەکان لە شارەکاندا کە دواجار دەبنە تۆڕێکی گرێدراوی کارپێکراو بە یەکدی، وە ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییە کاردەکاتە سەر خزمەتگوزاریەکان لە ڕووی چەندییەتی و چۆنیەتی شێوازی دابەشبونیان لە ناوچە جیاجیاکانی شارەکەدا (محمد حزام، 1999، ص23). هەروەک لە نەخشەی (١) دا دیارە، جێگای شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (⁻٣٥ 2٧°- ⁻٣٩ 35°) باکور وە هێڵەکانی درێژی (⁻21 45°- ⁻30 45°) خۆرهەڵات. شارەکە دەورە دراوە بە زنجیرە چیاکانی ئەزمەڕ–گۆیژە لەباکورو باکوری ڕۆژهەڵات وچیای پیرەمەگرون لە باشور، وەزنجیرە چیای بەرانان لەباشورو باشوری ڕۆژئاوا، وەلە ڕۆژئاوای شارەکە چیای تاسلوجەیە، جێگەکەی جیادەکرێتەوە، یاخود گرنگی جێگای شارەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی دەشتی شارەزور کە ئەم دەشتە یەکێکە لە گەورەترین دەشتەکانی ناوشاخ لەعێراق. وە شارەکە جڵەوگیرە لەو ڕێگایەی کە دەچێتە دەشتی شارەزور لە ڕۆژهەڵاتەوە و هەروەها ئەو ڕێگایەی دەچێتە دەشتی کەرکوک لە ڕۆژئاواوە کە بەرێڕەوی بازیاندا دەڕوات، وە شارەکە دەستی گرتووە بەسەر چەند ڕێرەوێکی شاخاوی گرنگدا کە یارمەتیدەریەتی لە دەستگرتن بەسەر چالاکی بازرگانی کە بە ناوچەکەدا تێدەپەڕێت، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی شارەکە تایبەتمەندیەکی شاری بازرگانی وەربگرێت(بیان علی، ٢٠١٩: ص٥١٩).

نەخشەی (١)

شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی





سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، 2019.

شوێنی شاری سلێمانی سەنتەری کارگێڕی پارێزگای سلێمانییە. دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان هەروەک لە نەخشەی (2) دەردەکەوێت ناوچە ی لێکۆڵینەوە هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگ وشوێنێکی ناوەندی لە نێو پارێزگای سلێمانی هەیە، پارێزگای سلێمانی سنوری هاوبەشی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، کە بەشێکی گرنگی سنورەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ وڵاتی ئێرانە و نزیکترین خاڵی سنوری شاری سلێمانی لەگەڵ وڵاتی ئێران ( 45کم[٢])، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە شوێنێکی گواستراوەی لە نێوان ناوچەی شاخە بەرزەکان لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات و ناوچەی شاخاویە پێچ سادەکان لە باشور و باشوری ڕۆژئاوا هەیە، هەموو ئەم هۆکارانە وایان کردووە ئەم

شــارە ببێتە ناوچەیەکی گرنگ وە ژمارەیەکی زۆر لە ســەردانیکەر بە مەبەســتە جۆراو جۆرەکان بێنە شــارەکە، جا بۆ مانەوەبێت یان ترانزێت یان تەنها بە شـارەکەدا تێپەڕدەبن (شـاد حمید، 2019، ل12). ڕووبەری شـاری سـلێمانی (120 کم$^{2}$) (علی عثمان، 2009، ص112)، واتە ئەو سنورەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دراوە وژمارەی گەڕەکەکانیش لە سنوری توێژینەوەکەدا (159گەڕەکە)، بڕوانە نەخشەی(1).

نەخشەی (2)

شوێنی شاری سلێمانی بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عیراق




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشتبەستن بە داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، 2019.

**2: تایبەتمەندی دانیشتوان:**

ڕەگەزی مرۆیی بە بنەمایەکی ســەرەکی دادەنرێت لە دروســت بونی داواکاری لەســەر خزمەتگوزارییەکان لە هەر ناوچەیەکدا، چونکە دامەزراندن و گەشـەسـەندنی خزمەتگوزارییەکان لە بنەڕەتدا پشـت بە دانیشـتوان دەبەسـتن، کە بوونی ژمـارەیەکی زۆر لە دانیشــتوان لە هەر نـاوچەیەکـدا بە هۆکـاری کـاریگەر دادەنرێـت بۆ داوکـاری لەســەر خزمەتگوزاریەکان و زیادبوون و گەشەسەندنیان(امنة ابو حجر، 2011، ص185).

خشتەی (1) ژمارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٩)

| ساڵەکان | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی گەشەی ساڵانە % |
|---|---|---|
| 1977 | 175,413 | |
| 1987 | 364,096 | % 7.5 |
| 2002 | 569,123 | % 3.02 |
| 2012 | 624,501 | % 0.93 |
| 2019 | 768,058 | % 3 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە

1. سروە جلال حمە، گۆڕانکاری دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977-2012) سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤٦-٣٤٧.

2. بيان علي حسين، تحديد نطاق تأثير المراكز الصحية في مدينة السليمانية عام 2018 بأستخدام نظم المعلومات الجغرافية، مصدر السابق،ص 523.

لە کاتی پێشاندانی وێنەیەک لەسەر دانێشتوانی شاری سلێمانی، دەتوانین بڵێین ئەم شارە وەکو هەموو شارەکانی تری هەرێمی کوردستان ژمارەی دانیشتوانەکەی جێگیرنەبووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە زیادبوون یان بە کەم بوون، وە نەتوانراوە ئامارێکی وردی وەدە ست بخرێت لە سەر ژمارەی دانیشتوانی شارو گە شەکردنیان لە سەدەکانی پێشودا، ئەویش بەهۆی سیاسەت و گرنگی نەدانی دەسەڵاتدارانی پێشووی ئەو سەردەمە بۆ ئەنجام نەدانی سەرژمێری دانیشتوان، سەرەڕای ئەم کۆسپانە شارە نوێیەکە لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیدا گە شە سەندنێکی با شی بەخۆیەوە بینیوە لە ڕووی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و کارگێڕییەوە(کامران طاهر، 2011،ص43).لە پاش دروستکردنی دەوڵەتی عیراقی یەکەم سەرژمێری لە ساڵی (1947) ئەنجام درا وە ژمارەی دانیشتوانی بە (33475 کەس) داناوە بەگوێرەی تۆماری فەرمی، وە لە ساڵی(1957) ژمارەی دانیشتوانی شار بەرز بووەوە بۆ (48812 کەس) (جمال بابان،2012، ل132)، لە سەرژمێری ساڵی (1977) ژمارەی دانیشتوان (175,413کەس) بووە، وە لە سەرژمێی ساڵی (1987) ژمارەی دانیشتوانەکەی بوو بە (364096کەس) (بيان علی، ٢٠١٩، ص٥٢٣). لە ساڵی (2002) ژمارەی دانیشتووان ( 569123کەس) بووە، وە لە ساڵی (2012) ژمارەی دانیشتوان بوو بە (624 501کەس)(سروە جلال، 2019، لا 346-347) ، وە بۆ ساڵی (2019) ژمارەی دانیشتوان لە شاری سلێمانی (768058) کەسە (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، 2009) ، وەک لە خشتەی (1)، دیارە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (1977) بریتی بووە لە (١٥٧٤١٣) کەس وە بۆ ساڵی (1987) ژمارەی دانیشتوان بووە بە (364096) کەس بەمەش ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (1987-1977) لە (7.5%) بووە کە ئەم ڕێژەیەش زۆرە واتا گەشەی دانیشتوان لە نیوان ئەم ساڵانەدا زۆر بووە، ئەمەش بەهۆکاری بوژاندنەوەی ئابووری عێراق لەدوای خۆماڵی کردنی نەوت لە لایەن دەوڵەتەوە، بنیاتنان و دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی لە شارەکەدا، باشبوونی بارودۆخی تەندروستی بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوان، هەروەها ڕاگواستنی زۆرە ملێی گوند نشینان بۆ ناو شارەکە بە هۆکاری سیاسی ئەو

ســەردەمە لە لایەن رژێمی بەعســی دیکتاتۆر، ئەمانە بونەتە هۆکاری ئەوەی کە ژمارەی دانیشــتوانی شــآرەکە زۆر بە خێرای زیادبکات، پاشـان ژمارەی دانیشـتوان لە سـاڵی (2002) گەیشـتە (569123)کە رێژەی گەشـەی دانیشـتوان لە (3.02%) لە نێوان ساڵانی (2002-1987) کە ئەوەی تێبینی دەکرێت گەشەی دانیشتوان دابەزیوە بۆ نیوە بە بەراورد بە ساڵانی (1987-1977)، ئەمەش بە هۆکاری تێکچوون و خراپبوونی بارودۆخی ئابووری و سەپاندنی ئەو ئابڵۆقەی ئابووری کە خرابووە سـەر وولاتی عێراق بەگشـتی لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەروەها دەسـتپێکردنی لێشــاوی کۆچی بە کۆمەڵی دانیشــتوان بۆ دەرەوەی وڵات، ئەمانە هەموی هۆکار بوون بۆ دابەزینی رێژەی گەشــەی دانیشــتوان لەو کاتەدا، وە لە ســاڵی (2012) ژمارەی دانیشــتوانی شــارەکە بوو بە (624501) وە رێژەی گەشــەی دانیشـتوان لە نێوان سـاڵانی (2002-2012) بوو بە (0.93%) کە ئەم ڕێژەی لەم ماوەیەدا دابەزینی زۆری بە خۆیەوە بینیوە بە هۆکاری تێکچونی بارودۆخی سـیاسـی و ناسـەقامگیری بارودۆخی ناوچەکە و ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسـی دیکتاتۆر لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیەوە لە سـاڵی (2003) توشـبوونی ناوچەکە بەشـەڕێکی نەخوازراو، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری خێزانەکان بەوەی کە گرنگی زیاتر بدەن بە پەروەردەکردنی منداڵ وەک لە زیادبوونی ژمارەی خێزانەکانیان، پێشــکەوتنی کەرتی تەندروســتی لەبارەی زۆری و جۆراوجۆری رێگاکانی رێگری لە خستنەوەی منداڵ، هەروەها لە سەنتەری شارەکان دانیشتوانەکەی پرۆسەی هاوسەرگیری درەنگتر ئەنجام دەدەن بە بەراور بە ناوچەکانی دەوروپشــتی و دانیشــتوانی گوند و لادێکان ، ژمارەی دانیشــتوان لە ســاڵی (٢٠١٩) بووە بە (768058) کەس وە رێژەی گەشەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (2012-2019) بووە بە (3%) کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاو نیە بۆ گەشەی دانیشتوان هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی شڵۆقی باری ئابووری و بە هۆی زیادبوونی ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان و زۆربوونی داخوازی و پێداویستی بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، توشـبوونی ناوچەکە بە شـەڕێکی نەخوازراوی تر کە ئەویش هێرشـی گروپی تیرۆرسـتی داعش بوو بۆسـەر عێراق بە گشـتی و هەرێمی کوردسـتان بە تایبەتی، هەروەها دابەزینی نرخی نەوت لە جیهاندا کە ئەمانە هەموویان هۆکار بوون بۆ ئەوەی کە دانیشتوانی شارەکە بیر لە وەچە خستنەوە نەکەنەوە و بەمەش رێژەی گەشەی دانیشتوان بەرەو دابەزین دەچێت.

**دووەم:دیاریکردنی زاراوە سەرەکیەکانی توێژینەوە:**

**1: خزمەتگوزاری(service):**

چەمکی خزمەتگوزاری بـایەخێکی گەورەی هەیە، بە هۆی زیـادبوونی داواکـاری لەســەر خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان لە لایەن هاوڵاتیان لەسـەردەمی ئێسـتادا، بەتایبەتی لەدوای بەرەوپێشـچوونی هۆکارەکان و شـێوازە بەکارهاتووەکان بۆ بەردەستەبوونیان، بۆیە گرنگیدان بەتوێژینەوەکان لەسەر خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان بووە بە پێویسـتیەکی حاشـاهەڵنەگر، بەهۆی پەیوەسـتبوونیان بەژیانی رۆژانەی تاکەوە. خزمەتگوزاریەکان یەکێکە لە پێوەرە ســەرەکیەکان بۆ دیاریکردنی ڕادەی ئاســتی پێشــکەوتویی کۆمەڵگاکان بەشــێوەیەک جۆر و چەندێتی و چالاکی خزمەتگوزاریەکان بۆ هەر کۆمەڵگەیەک نیشاندەری رادەی گەشەسەندنی شارستانیەتی کۆمەڵگاکەیە.

سەرەتا پێویستە وشەی خزمەتگوزاری لەڕووی زمانەوانیەوە شیبکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وشەی (Service) لە وشـــەی لاتینی (Servitium) کە بە مانای خزمەتکار دێت، (Servitude) بە مانای (خزمەتکاری) دێت لە زمانی لاتینی(Quinn, 1986,P 95-103) زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان و توێژەران هەوڵیان داوە پێناسـەی خزمەتگوزاری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو چالاکیانە دیاری بکەن کە پۆلێن بکرێن وەک خزمەتگوزاریەکان. لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێک لە هەوڵەکانی توێژەران بخەینەڕوو بۆ پێناسەکردنی چەمکی خزمەتگوزاری.

(کوتلر) لەپێنـاسـەی خزمەتگوزاریـدا دەڵێـت "خزمەتگوزاری چالاکییە و دەسـتکەوتە کە لایەنێـک دەتوانێـت پێشـکەشـی لایەنێکی تری بکات، کە ئەم خزمەتگوزاریە ناماددیە واتا نابەرجەسـتە" (Kotler, 2009:P 356). بەڵام پێناسەی کۆرنروس (Cornrows) بۆ خزمەتگوزاری بریتیە "خزمەتگوزاری مەبەست لێی کۆمەڵێک چالاکیە کە هەست بە بونیان دەکرێت، دەتوانرێت جێی بگۆڕدرێت، کە دامەزراوەی دیاری کراو تایبەتمەند ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش دەکەن کە دامەزراوەی خزمەتگوزارین"( فؤاد بن غضـبـان، 2015:ص29 ) ، وە ئیگلەر ولانگیرد( Eiglier and Langeard) خزمەتگوزاری دەناسـێنن ( وەک تەنێک بۆ ئاڵوگۆڕ نرخێکی بازاڕی هەیە نەک تەنها بۆ ئەو کەسـەی کە ئامادەی دەکات بەڵکو بۆ بەکاربەریش (Lagrosen, S., 2003: P 760)، لە گەڵ بوونی چەندەها پێناسـەی دیکە کە لە لایەن توێژەرەکانی ئەم بوارەوە خراوەتە ڕوو ئەوە ئاشـکرایە کە لە زۆر لە پێناسـەکاندا بە سـانایی خزمەتگوزاری دەناسێنن بەوەی کە بەلایەنی کەمەوە لە کاتی پێویستی یەکێک بۆ پێویستیەکی دیاریکراو، وەک هەرکاڵایەکی دیکە کە پێویستە بۆ ژیانی ڕۆژانە لایەنی دووەم هەڵدەستێت بە دابینکردنی ئەو پێداویستیە کە زۆربەی کات دەشێت ئەو پێداویستیە بەرجەستە نەبێت، بەشێوەیەک پێشکەش دەکرێت ناوی لێدەنرێت خزمەتگوزاری، لە ئاستێکی باڵا تردا کە مرۆڤ لە دوای پڕبوونەوەی پێداویسـتیەکانی هەوڵدەدات بۆ باشـتر و ژیـانکردن لە هەموو ڕووەکانیەوە، لێرەدا خزمەتگوزاری پـایەیەکی گرنگتری دەبێـت لە ژیـانی مرۆڤـدا، یـان بە مـانـایەکی تر بەرەوپێشـچونی و فرەجۆری خزمەتگوزاریەکان دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی خۆشگوزەرانی مرۆڤ.

### 2: خۆشگوزەرانی (Recreation):

پێویسـتە وەکو دەسـتپێک چەمکی خۆشـگوزەرانی (Recreation) ڕاڤە بکەین لەڕووی ووشـەزانییەوە، ووشـەی (Recreation) بەزمانی کوردی بە واتای خۆشـگوزەرانی دێت، بەزمانی عەرەبی واتای (الترفيه)، لە وشـەی (Recreo) لە زمانی لاتینی کە بەماناکانی "پشوودان"، "زیندوو مانەوە "، "بەهێزبوون " وەرگیراوە، خۆشگوزەرانی بەشێوەیەکی گشـتی واتا هەموو ئەو چالاکیانەی کە مرۆڤ پێی هەڵدەسـتێت لە کاتە بەتاڵەکانی دا، مەبەسـت لە کاتی بەتاڵ ئەو کاتەیە دەمێنێتەوە لە پاش هەموو کارە گرنگ و پێویسـتەکانی کە پەیوەسـت و پەیوەندیدار بە کار وپیشـە، خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتی (Grzywacz R. ,2014 , P 24 ). کەواتە خۆشگوزەرانی بەشێکی جیا نەکراوەیە لە ژیانی مرۆڤ، وە پێویستە جێگەی بکرێتەوە لە سیستەمی ژیانی ڕۆژانەدا، تاکەکان بەشێوەیەک ڕابهێنرێن کە خۆشگوزەرانی بەشێکی بنچینەیی بێت لە ژیانیان بۆ ڕێگریکردن یاخود کەم کردنەوەی ئەو کاریگەریە نەرێنیەی شارستانیەت دایدەنێت لەسەر ژیـانی تـاکەکـان(محمـد حزام ، 1999: ص8). زۆرینەی توێژەرانی تیۆری لەم بوارەدا لەسـەر ئەوە کۆکن کە

خۆشـــگوزەرانی بە تەنها بریتی نیە لە وەرگرتنی چێژ لە کاتە بەتاڵەکاندا، بەڵکو ســـود وەرگرتنە لەو کاتە بەتاڵە بۆ دروستکردن و زیاتر پێشخستنی کەسایەتی تاکەکان بە چەند رێگەیەکی جۆراوجۆر. خۆشگوزەرانی بە شێوەیەک لە شـیوەکان کارتێکەرە لەســەر بەرزکردنەوەی ئاسـتی رۆشـنبیری تایبەت هەروەها لەگەڵ پەروەردەو فێرکردنی خودی (کەسی) و تەندروستی جەستەیی و ژیریی و کەلتوری (Parasuraman, A., 1985: P41-50. ).

**3: ناوچەی سەوزایی وپارک (Green area and Parks):**

ناوچەی ســەوزایی بە چەند جۆرێک پێناســە دەکرێت، لەوانە ( ئەو ناوچانەن کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە درەخت دەچێنرێت، کە جوانیەکی سروشتی دڵرفێن دەبەخشن بە ناوچەکە)، بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی سەوزایی زۆر جار دروست دەکرێت لە نزیک شـوێنی پیادەڕەو سـەررێگای هاتووچۆی دانیشـتوان بۆ سـود وەرگرتنی دانیشـتوانەکەی بۆ بە سەر بردنی کاتە بەتاڵەکان تێیدا، پارک و باخچە گشتیەکان دادەنرێن بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی ڕشودان و حەوانەوە کات بەسەربردن بەدرێژای مێژوو لە شارەکاندا، وە بەیەکێک لە کۆنترین و ئاسانترین هۆکارەکانی حەوانەوە دادەنرێت لە ڕووی تێچوونەوە، بە شـێوەیەکی گشـتی لە نزیک شـوێنی نیشـتەجێبونی دانیشـتوانەوە دەبێت، لەگەڵ بەرەو پێچوونی شـــارســـتانی و زیاتر ئاوەدانکردنەوەی شـــارەکان کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی داواکاری لەســـەر بەکارهێنانی زەویەکان بۆ مەبەسـتی بازرگانی و پیشـەسـازی و نیشـتەجێبوون، کە ئەمەش کاریگەری ڕاسـتەوخۆی هەبووە لەسەر ناوچە سەوزاییەکان بەشێوەیەکی نەرێنی، ئەم گرفتە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان زیاتربوو لە زۆربەی شـارەکانی جیهاندا کە هەر ئەمەش وای کرد ناوچە سـەوزاییەکان ببێتە خاڵێکی بەرچاو و گرنگ لە پلانسـازی شـارەکاندا بە شـێوەیەک هەوڵبدرێت بۆ زیادکردن و فراوانکردنی ناوچە سـەوزایەکان کە بتوانرێت هاوسـەنگیەکی گونجاو فەراهەم بکرێت لە نێوان فراوانبوونی ئاسـۆیی شـارەکان و ناوچە سـەوزایەکاندا (محمد علی ، 2014: ص 148). ناوچە سـەوزاییەکان گرنگیەکی گەورەیان هەیە لە ڕووی ژینگەیی و ئاووهەوا و خۆشـگوزەرانیەوە، ئاشـکرایە کە ڕووەکە چێنراوەکان توانایەکی کاریگەریان هەیە لە پاکژکردنەوەی هەوا لە گازی بەرهەم هاتووی دووەم ئۆکسـیدی کـاربۆن، هەروەهـا درەختـەکـان ڕۆڵێکی گەورەیـان هەیە لە گرتنە خۆی تۆزو غوبـاری نـاو هەوا، زانـایـان ئەوەیـان سـەلماندووە کە ڕواندنی درەخت و ڕووەک و چیمەنەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو پیسبوونی هەوا کەم دەکەنەوە بەهۆی ئەوەی لە توانایاندا هەیە رێژەیەکی زۆر لە گازە ژەهراویەکان هەڵبمژن کە زیانیان هەیە بۆ تەندرووســتی گشــتی، لەڕووی کەشـوهەواوە ڕووەکە جۆراوجۆرەکان وەک و قەڵغانێک زەویەکانیان داپۆشـێووە و کەشـوو هەوای شـارەکان دەپارێزن لە کاریگەری تیشکە زیانبەخشەکانی خۆر، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێرکردن و بەدیهێنانی خواست و داواکاری دانیشـــتوان بۆ خۆشـــگوزەرانی (محمد علی، 2014: ص148-149). پارکە گشـــتیەکان بەیەکێک لە فراوانترین ناوەندە خۆشگوزەرانیەکان دادەنرێت و ڕووبەرێکی فراوانیان هەیە.

**تەوەری دووەم: دابەشبونی جوگرافی پارکەگشتیەکان لەناوچەی توێژینەوە**

پارکە گشـتییەکان بەیەکێک لە فراوانترین ناوەندە خۆشـگوزەرانیەکان دادەنرێت و ڕووبەرێکی فراوانیان هەیە، لە شـاری سـلێمانیدا ژمارەیەکی زۆر پارک و باخچەمان هەیە کە دابەشـبوون بەسـەر ناوچە جیاوازەکانی شـارەکەدا و کە

زۆربەیان باخچەی بچوکن و بۆ چەند گەڕەکێک دروستکراون، بەڵام لەو پارک و باخچانەی کە سەرەکین و بونەتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران لە پارکە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانین ژمارەیان (7) پارکە هەروەک چۆن لە خشتەی ژمارە (٢) ئاماژەی پێدراوە، هەرچەندە هەموویان دەچنە ژێر پۆلێنی باخە گشتیەکانەوە، بەڵام جیاوازن لە ڕووی ڕووبەر و جۆری ئەو خزمەت گوزاریانەی پێشکەشی سەردانیکەرانی دەکرێت، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە زۆرینەی باخچەکان هەژارن لە بوونی هۆکارەکانی ڕاکێشانی دانیشتوان و سەردانیکەران بەهۆی نەبوونی ژمارەی پێویست و خراپی دابەشبونیان و سەرەڕای کەم و کورتی لە هۆکارەکانی بەکارهاتووی خۆشگوزەرانی تێیاندا، کە ئەمانەش بونەتە هۆی ئەوەی ئەم باخچانە تەنها بەشێوەی وەرزی بەکار بهێندرێن لە وەرزەکانی سەرما و زستاندا ژمارەی سەردانیکەرانیان کەم ببێتەوە (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ،2019 ).

**یەکەم: باخچەی گشتی سلێمانی:**

باخی گشتی سلێمانی یەکێکە لە باخچە کۆنەکانی سەر بە شاری سلێمانی بە یەکەم باخچە لە سنووری شاری سلێمانیدا لە قەڵەم دەدرێت، بەکۆمەڵێک لە پەیکەری شاعیر و هونەرمەند و شۆڕشگێڕانی کورد ڕازێنراوەتەوە لەوانە (وەلی دێوانە، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، یەڵماز گۆنای، نەجمەدین مەلا، مەحوی، ئەحمەدی خانی، شەرەفخانی بەدلیسی) ئێستا ناوجەرگەی شارە و شوێنی ئەدیب و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانە، ڕۆژانە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی شارەکە سەردانی دەکەن و بەدیمەنە دڵڕفێنەکانی ئەم باخچەیە شاد دەبن(شیروان عمر، 2011، ل208).

خشتەی ژمارە (٢) شوێن و ڕوبەری باخچە گشتیەکانی شاری سلێمانی

| ناوی باخچە | ڕووبەر | شوێن |
|---|---|---|
| باخی گشتی | 37605 م٢ | سەرەتای شەقامی سالم |
| پارکی ئازادی | 487500 م٢ | نێوان گەڕەکی (مامۆستایان – ئاشتی) |
| پارکی دایک | 16559 م٢ | گەڕەکی شێخان |
| پارکی مەلیک مەحمود | 177119 م٢ | دەباشان |
| پارکی هەواری شار | 10000000 م٢ | گەڕەکی هەواری شار |
| پارکی مەولانا | 132000 م٢ | گەڕەکی مەولانا |
| چاڤی لاند | 950000 م٢ | شەقامی بازنەیی مەلیک محمود |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن

١- بە داتاکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠١٩.

٢- علي عثمان محمد شاربازيري، واقع تصاميم الحدائق لمدن اقليم كردستان العراق(دراسة نقدية وتحليلية)، مصدر السابق، ص١٤١.

٣- وێبسایتی فەرمی پرۆژەی چاڤی لاند، Chavy Land (chaviland.org) ، لەبەرواری، 2021-01-17.

٤- بە داتاکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠٢٠.

٥- ماڵپەڕی فەرمی فاملی مۆڵ Family Mall (familymallsul.com)، 2021-01-17.

6- Chya Kadir Rashid, Study of the natural components of Hawary Shar Park in Sulaymaniyah city, mster thesis, Faculty of Agricultural Sciences University of Sulaimani,2014, p127.

باخی گشتی کەوتۆتە ناو گەڕەکی کانی ئا سکان و لە سەر شەقامێکی سەرەکی شاری سلێمانیە کە ناوی شەقامی سـالمە، دەکەوێتە سـەرەتای ناو بازاڕی شـارەکە و بەرامبەر ئوتێل سـلێمانی پالاس. ئەو باخچەیە لەسـەر ڕوبەری (37605 م٢) لەسـاڵی (1937) لەسـەردەمی پارێزگار (مجید یعقوب) و سـەرۆکی شـارەوانی (محمود ئەفەندی قادر ئاغا) کە لە ساڵی (1935-1944) سەرۆکی شارەوانی بووە دروستکراوە. لەکۆتایدا هەر ئەوەندە ماوە بڵێین کە باخی گشتی بۆتە شوێنی حەوانەوە و سەرەڕێی هاوڵاتیانی ڕۆشنبیر و ئەدیب و ڕۆژنامەنوس و شاعیران و خوێندکارانی شـاری سـلێمانی و دەتوانین بڵێین باخچەی ڕۆشـنبیری و ڕۆشـنگەری سـەرجەم چین و توێژەکانی ناو شـار و وەک سومبولێک بۆتە ناسنامەی ڕۆشنبیری لە ناو شارەکانی کوردستاندا (ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاک، 2020).

**دووەم: پارکی ئازادی :**

پارکی ئازادی یەکێکە لە پارکە جوان و ڕازاوەکانی شاری سلێمانی، دەکەوێتە ناوجەرگەی شارەکەوە، بەشێوەیەکی بەردەوام دانیشتوانی شاری سلێمانی بەتایبەتی دانیشتوانی گەڕەکە نزیکەکانی پارکەکە سەردانی دەکەن، لە ڕۆژەکانی کۆتایی هەفتە و پشوو بۆنە جیاوازەکاندا، نزیکی پارکەکە و بوونی ڕووبەرێکی فراوانی سەوزایی هاندەری سەرەکین کە بەردەوام گەشـتیاران ڕووی تێبکەن بە تایبەتی لەشـەوەکانی وەرزی بەهار و هاویندا، وە لە لایەکی دیکەوە وەرزشـکاران و چینی گەنجان بە گشـتی لە سـەردانیکەرانی ڕۆژانەی ئەم پارکەن بە مەبەسـتی وەرزشـکردن و خوێندنەوە(وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،2019 ).

وێنەی (1)

چەند دیمەنێک لە باخی گشتی سلێمانی



سەرچاوە : کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١.

وە ئەم پارکە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەسەر ئاسەواری (حامییەی) سلێمانی کە مۆڵگەیەکی سەربازی سەرەکی ڕژێمی بەعسی ڕوخاو بوو دروست کرا، هەر لەبەر ئەم هۆکارە بووە کە بڕیار درا ئەم مۆڵگە سەربازییە بکرێتە پارکێکی گەورە و ناوی لێبنرێت (پارکی ئازادی)، کۆی رووبەری ئەم پارکە (195) دۆنمە کە دەکاتە (47.5) هیکتار، وە (487500 م٢)( علي عثمان،2009: ص 109). لەبەرواری (1994/11/26) دەستکراوە بە دروستکردنی. وەک یەکەمین هەنگاو سنووری پارکەکە دیاری کرا، وە چەند دەرگایەکی سەرەکی بەنەخشەسازیەکی جوان دروستکران وە سێ پارکی ئوتومبێلی بۆ دروستکرا لە هەرسێ دەروازەی گەڕەکەکانی (مامۆستایان و کانێسکان و عەقاری) بە مەبەستی ڕاگرتنی ئوتومبێلی هاوڵاتیان لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ پارکی ئازادی، لەهەمانکاتدا چەند کۆشک و دوکانێک دروستکران بە سەرپەرشتی بەشی پڕۆژەکانی شارەوانی سلێمانی بۆ ئەوەی بکرێتە کافتریا و دوکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی هاوڵاتیان و گەشتیارانی کە سەردانی پارکی ئازادی دەکەن (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ،2019 ).

وێنەی (2)

چەند دیمەنێکی پارکی ئازادی لە چەند کاتێکی جیاوازدا



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠١٨/٤/١٨ و ٢٠١٨/٤/٢٥.

**سێیەم: پارکی دایک:**

ئەم پارکە دەکەوێتە کۆتایی شــەقامی پیرەمێرد و لە ســاڵی (2009) لەســەر پارچە زەویەک دروســتکراوە کە ڕووبەرەکەی (16559 م٢) (وەزارەتی شــارەوانی و گەشــتوگوزار ،2019 ). ئەم پارکە پێشــتر بەندیخانە بووە کە لە ساڵی (1946) دروستکرا (ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، 2015، ل 88)، ناوەکەی گوزارشتە بۆ ئەو دایکانەی کە لەناو ئەو بەندیخانەیەدا منداڵیان بووە، پارکێکی سەرنج ڕاکێشە و لە بەشی ناوەڕاستی پەیکەری دایکێک دروستکراوە، جگە لە چەند کەپرێک و کانیەکی دەستکرد و چەندین جۆر لە درەخت و دار لەخۆ دەگرێت(وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، 2019 ).

**چوارەم: پارکی مەلیک مەحمود :**

ئەم پارکە دەکەوێتە بەشی باکوری شاری سلێمانی لەسەر شەقامی سەرەکی بازنەیی مەلیک مەحمود، لە ساڵی (2004) لە سەر ڕووبەری (177119م٢) دە ست بەدرو ستکردنی کراوە(وەزارەتی شارەوانی و گە شتوگوزار،2019 )، ئەم پارکە لە ڕووی ئەندازەییەوە لە چەند باخچەیەک پێکهاتووە و تاڤگەیەکی گەورەی لە ناوەڕاســتی پارکەکەدایە. هەروەها پەیکەرێکی مەلیکی گەورەی کوردان (مەلیک مەحمود) یشــی تێدا دروســتکراوە بۆ بەزیندوو هێشــتنەوەی ناوی ئەم سەرکردە گەورەیە(بەختیار أحمد، 2010: ل83).

وێنەی (3)

چەند دیمەنێک لە پارکی دایک



سەرچاوە: کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/٨ و ٢٠١٨/١٢/٥.

**پێنجەم: چاڤی لاند:**

چاڤی لاند لە سەر ڕووبەری (380 دۆنم) واتە (950000 م٢) زەوی لە بناری شاخی گۆیژە درو ستکراوە(وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،2019 ). ئەم پڕۆژەیە لە بەرواری (2010/8/1) دەستکرا بەکارکردن تیایدا و لەبەرواری (2013/5/1) تەواو بوو، بووە یەکێک لە ناوازەترین و گەورەترین پڕۆژەی گەشتیاری لە ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەی ئەم پڕۆژەیە لە زۆربەی پڕۆژەکانی تر جیادەکاتەوە کە تا ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە، کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە پێکەوە ناوازەیی پڕۆژەکە دەردەخەن لەوانە گەورەی ڕووبەری پڕۆژەکە و شوێنی جوگرافیی و جوانی دیزاین و جۆراوجۆریی بەشەکانی پڕۆژەکە، کە زۆربەی ئەو مەیدان و بوارە گەشتیارییانە دەگرێتە خۆی کە لە دونیای گەشتیاریی هاوچەرخدا باوە و تا ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی دراوسێ نەکراوە. پڕۆژەی چاڤی لاند بایەخێکی گەشتیاری بەهێزی لە پاڵ بایەخە کلتوریی و مرۆییەکەی بۆ شاری سلێمانی دروستکردووە و گرنگی ئابوری بەهێزی هەیە بۆ شاری سلێمانی هەم لەسەر ئاستی کوردستان هەم لەسەر ئاستی عێراقیشدا، هەروەك هۆکارێکیشە بۆ ڕاکێشانی گەشتیارێکی زۆر لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دیکە بۆ شاری سلێمانی و دواتریش بۆکوردستان لە ڕێگەی دروستکردنی گروپی گەشتیاری( چاڤی لاند https://chaviland.org/About ). وە ڕووبەری سەوزای لەم پارکەدا (600000 م٢)، سەرکەوتنی پڕۆژەکە دەبێتە مایەی زیاتر هاندانی حکومەت و وەبەرهێنان بە ئەنجامدانی پڕۆژەی جۆراوجۆر لە شارەکەدا، سەرەڕای بوونی تەلەفریک کە پارکەکە دەبەستێتەوە بە لوتکەی چیاکەوە، بونی چەندەها کافتریا و خواردنگەی جۆراوجۆر لەگەڵ بوونی زیاتر لە (30) جۆر یاری جۆراوجۆر کە لەوڵاتانی دەرەوە هاوردە کراوە، وە بوونی چەند دەریاچە و نافورەی دەستکردی سەرنج ڕاکێش، لەگەڵ بوونی مۆزەخانەیەکی مۆمی کە پەیکەری چەندین سەرکردە و کەسایەتی جیهانی تێدا نمایشکراوە، هەروەها بوونی چەند کابینەیەکی گەشتیاری و کەپر بۆ حەوانەوەی گەشتیاران، وە بوونی سینەمایەک (چاوپێکەوتن ، بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، 2020 ).

وێنەی (4) پارکی مەلیک مەحمود



سەرچاوە:کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٥.

**شەشەم: پارکی هەواری شار:**

پارکی هەواری شار بە دوری (10کم) لە باکوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی لە ساڵی (2004) بنیاتنرا، لەسەر ڕووبەری (10000000م٢)(Chya Kadir, 2014, P127). بیرۆکەی دروســت کردنی ئەم پارکە دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی (2003) کاتێک بیر لە زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی کرایەوە لە شاری سلێمانی و هەرێمی کورد ستان، لەڕێگەی درو ستکردنی پارکێکی گەورەوە لەسەر پانتاییەکی زەوی ناکشتووکاڵی ووشک ئەم پارکە گەورە سەوزە دروست کرا، ژمارەی درەخت و ڕووەکەکـان نزیکەی (800 هەزار) ە و نزیکەی (300 هەزار) مەتر چورگۆشـــەی ســـەوز کراوە بە چیمەن، وە بەبەردەوامی ئەم ژمارانە لە زیادبوندایە بە هۆی ئەمەشەوە ڕووبەری سەوزایی لە شارەکەدا بەرز بووە وە بۆ لە (5%) بوو بە لە (12%) واتا ڕێژەکە لە (7%) زیادی کرد، لە ئێســـتادا ئەم پارکە بە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی گەشـــتیاری و خۆشگوزەرانی دادەنرێت لە شارەکەدا،کە گە شتیاران ودانیشتوانی شارەکە بۆ بە سەربردنی کاتە بەتاڵەکانیان و چێژ وەرگرتن لەدیمەنەجوانەکانی سروشت و وەرزشکردن ڕوویتێدەکەن (Chya Kadir, 2014, P127).

وێنەی (5)

چەند دیمەنێک لە پارکی چاڤی لاند



سەرچاوە: کاری توێژەر، بەسودوەرگرتن لە ماڵپەڕی چاڤی لاند، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٢٠.

**حەوتەم: پارکی مەولانا:**

یەکێکە لە پارکە تازەکانی شاری سلێمانی کە ئەتوانین بڵێین تازەترینە لە شاری سلێمانی و لە مەراسیمێکدا لە بەرواری (2020/1/20) کراوەتەوە، پارکی نمونەیی مەولانا کە پارکێکی گەورەیە بە روبەری(132000 م$^{٢}$) ( وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، 2020) ،دروست کراوە کەدەکەوێتە پشت فامیلی مۆڵی سلێمانی، وە ئەم پارکە زیاتر لە (62000 م$^{٢}$) ڕوبەرەکەی بریتییە لە سەوزایی و (5000) نەمامی گەورە و (292000) نەمامی بچوکی تێدا روێندراوە و (25000 م$^{٢}$) پرۆژەکە چیمەنی هەمیشە سەوزە. پارکی نمونەیی مەولانا شوێنی راوەستانی ئۆتۆمبێل و پانتایی بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی بۆ دابینکراوە ( وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، 2020) . نەخشەی (3) چۆنێتی دابەشبوونی پارکە گشتیەکانی سلێمانی دەخاتە ڕوو.

وێنەی (6)

چەند دیمەنێک لە پارکی هەواری شار




سەرچاوە: کاری توێژەر، لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٦/٢٠.

وێنەی (7)


پارکی ماولانا



سەرچاوە:کاری توێژەر، ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٠.

نەخشەی (٣)

دابەشبوونی پارکە گشتیەکان لە شاری سلێمانیدا




سەرچاوە: کاری توێژەر: بەسودوەرگرتن لە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی (google earthpro , Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55)

**تەوەری سـێیەم: خەمڵاندنی پێداویسـتی دانیشـتوان بۆ خزمەتگوزاریی پاركە گشـتییەكان بۆ سـاڵی ئامانج (٢٠٢٩-2039)**

لێكۆڵینەوە لە پێداویسـتی ئایندە لە خزمەتگوزاریی كە ناوچەی لێكۆڵینەوە پێشـكەشـی دەكات گرنگییەكی زۆری لەبواری پلاندانان وگەشـەپێدانی كەرتەكانی خزمەتگوزاری بۆ بەرژەوەندی دانیشـتوان هەیە، خزمەتگوزارییەكان شیاوی پێشكەوتن وگۆڕانی خێران.

دانیشتوان یەكێكە لە گرنگترین پێنوێنە سەرەكیەكان لە سەرپەرشتی كردنی داهاتووی شارەكان و مەزەندەكردنی پێداویسـتی شـارەكە لە خزمەتگوزاریەكان، دیاریكردنی قەبارەی دانیشـتوان لە داهاتودا لەو بابەتانەیە كە بایەخێكی گەورەی هەیە لە بواری توێژینەوەكان لە جوگرافیای شاردا، كە گە شەی دانیشتوانیش یان گە شەی سرو شتی یە واتا جیاوازی نێوان لە دایك بوون و مردن، یان جوڵەی شـوێنی یە واتا جوڵەی كۆچ، جا چ كۆچی هاتوو یا ڕۆیشـتوو بێت، بە زیادكردنی دانیشـتوان داواكاری لەسـەر خزمەتگوزارییەكان لەناویاندا خزمەتگوزاری پاركە گشـتییەكان كە بابەتی توێژینەوەكەیە زیاد دەكات، مەزەندەكردنی پێویسـتی بۆ خزمەتگوزاریی پاركە گشـتییەكان لەسـەر بنەمای ئەو پێوەرانەی كە لەبەردەستدا بۆ ئێستا و داهاتوو بۆ ساڵی بە ئامانج گیراو كە ساڵی (2039) كە لێرەدا پێویستە پێشبینی بۆ قەبارەی دانیشتوان وەربگیرێت بۆ شاری سلێمانی.

بۆ پێشبینیكردنی داهاتووی قەبارەی دانیشتوان لە شاری سلێمانیدا تیشكدەخەینە سەر سێ گریمانە كە ئەوانیش گریمانەی بەرز و گریمانەی مام ناوەند و گریمانەی نزم بە سود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (1) ی گە شەی دانیشتوان لە نێوان ساڵانی (2019-1977)، وەک لای خوارەوە، لە خشتەی (٣) خراوەتە ڕوو:

- گەشەی دانیشتوانی نزم (1.5%) وەردەگرین.
- گەشەی دانیشتوانی مام ناوەند (٣%) وەردەگرین.
- گەشەی دانیشتوانی بەرز (4.5%) وەردەگرین.

خشتەی (٣)

پێشبینیەكانی گەشەی دانیشتوان لەشاری سلێمانی لە ماوەی ٢٠١٩-٢٠٣٩

| ساڵەكان | پێشبینی بە پێی گەشەی نزم 1.5% | پێشبینی بە پێی گەشەی ناوەند٣% | پێشبینی بە پێی گەشەی بەرز4.5% |
|---|---|---|---|
| 2029-2019 | 891363 | 1032206 | 1192771 |
| 2039-2019 | 1034463 | 1387198 | 1852336 |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (١).

بایەخدان بە توێژینەوە لە قەبارەی دانیشـتوان لە داهاتودا و پێشـبینیكردنی بە یەكێك لە ئاماژە بنەڕەتیەكان دادەنرێت بۆ ئاڕاسـتەكردنی پلاندانان و گەشـەپێدان، چونكە پێشـبینیكردنی دانیشـتوان لە داهاتودا بابەتێكە تا ڕادەیەكی زۆر دەتوانێت یـارمەتیـدەربێـت بۆ لێپرسـراوان و پلانـدانەران بۆ فەراهەمكردنی داتـا بنەڕەتیەكـان بۆ

ئاراستەکردنی گەشەپێدانی مرۆیی پەیوەست بەخزمەتگوزارییە گشتی و جۆراوجۆرەکان، بە هەمان شێوەش بۆ خزمەتگوزاری پارکی گشتیی، کە لەم باسەدا چەند پێشبینیەک لە ئایندەدا بۆ دانیشتوان لە شاری سلێمانیدا دروست دەکرێت بە پێی دوو ماوەی دە ساڵی هەتا ساڵی (2039)بە پشتبەستن بە داتاکانی ساڵی (2019) وەک ساڵی بنەڕەت واتا لە ماوەی (20) ساڵدا لێکۆڵینەوە لەم بابەتە کراوە، کە باس لە پیشبینیکردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکات، هەروەها لێکۆڵینەوەیەک لە پێشبینی پێداویستیەکانی دانیشتوان لە خزمەتگوزاری پارکە گشتییەکان لە دروستکردنی پێشبینی ئایندەی دانیشتوان لە شاری سلێمانیدا ئاستەکانی گۆڕانکاری لە گەشەیاندا لەبەر چاو دەگیرێت. وەک لە خشتەی ژمارە (٣) دا دیارە گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی ئەو سێ گریمانەیەی وەرمانگرت، کە بە پێی گریمانەی گەشەی نزم بەڕێژەی (1.5%) بۆ ماوەی ساڵانی (2019-2029) وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە بگاتە (891363) کەس، وە بە پێی گریمانەی گەشەی مام ناوەند بە ڕێژەی (3%) بۆ هەمان ماوە وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوان بگاتە (1032206) کەس، وە کاتێک تێکڕای گەشەی بەرز بە ڕێژەی (4.5%) بێت ئەوا ژمارەی دانیشتوان دەگاتە (1192771) کەس.

گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپیی گریمانەی گەشەی نزم بەڕێژەی (1.5%) بۆ ماوەی ساڵانی (2019-2039) وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە بگاتە (1034463) کەس، وە بە پێی گریمانەی گەشەی مام ناوەند بە ڕێژەی (3%) بۆ هەمان ماوە وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوان بگاتە (1387198) کەس، وە کاتێک تێکڕای گەشەی بەرز بە ڕێژەی (4.5%) بێت ئەوا ژمارەی دانیشتوان دەگاتە (1852336) کەس لە ساڵی (٢٠٣٩) دا.

بێگومان لەگەڵ زیادبوونی قەبارەی دانیشتوان لەهەر ناوچەیەک داواکاری لەسەر خزمەتگوزارییەکان بەگشتی زیاد دەکات وە بەتایبەتی خزمەتگوزاریی پارکە گشتییەکان،چونکە یەکێکە لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانی هەرکۆمەڵگایەک وە بووە بە بەشێکی بنەڕەتی لەداواکارییە هەنوکەییەکانی شارنشینەکان، تاڕادەیەک بۆتە پێوەر و نمایندەی تاچەندێک دەسەڵاتداران گرنگی بە هاونیشتیمانیان دەدەن لەڕووی دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان. بۆیە هەوڵدان بۆپەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریی پارکە گشتییەکان لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە هەنگاوێکی گرنگە دەبێت و کاری هەرە لەپێشینەی دەوڵەت و دەسەڵاتەخۆجێییەکان بێت. چونکە پرۆسەیەکی فرەئامانجە، لەلایەک دەبێتە جێگرەوەیەکی باش بەتایبەت بۆ گەنجان کە هۆکارێکە بۆ بەسەربردنی کاتەبەتاڵەکانیان کەئەمەش دواجاردەبێتە دوورخستنەوەی گەنجان لە هەرکارێکی خراپ و لادەر وەک ئاڵوودەبوون بەمادەهۆشبەرەکان و تاوانەکانی دیکە. ئەمەش فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی تاکەکان بە نیشتیمانەکەیانەوە زیاتر وابەستەیان ئەکات. لەلایەکی دیکەوە هاوشان لەگەڵ پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی پارکەکان هەلی ڕاکێشانی گەشتیارانیش لەناوچەکە زیاد دەکات چونکە ئەوە ئاشکرایە کە زیاتر لە نیوەی گەشتیارانی جیهان بۆ ساڵی 2019، مەبەستی سەرەکیان لەگەشتکردن بریتیە کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی، لەئەنجامدا چالاکی گەشتیاری بۆ ئەو ناوچەیە زیاد دەکات کەئەمەش دەبێت هۆی ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر و بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاک و

باشترکردنی گوزەرانی دانیشتوان. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەمەچەشنییەی لە دانیشتوانی شاری سلێمانیدا هەیە لەلایەنەکانی ئابووری، ڕۆشنبیری، خواست و ئارەزووەکانی تاکەکان، فەراهەمکردن و هەمەچەشنکردنی زیاتری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان بۆتە پێویستییەکی حەتمی.

مەزەندەکردنی پێداویستیە چاوەڕوانکراوەکان بۆ خزمەتگوزاریی پارکە گشتییەکان لە شاری سلێمانیدا بەدانانی ساڵەکانی (٢٠٢٩-٢٠٣٩) وەکو ساڵی ئامانج بەبنەمایەگرتنی گەشەی دانیشتوان، پێداویستیە چاوەڕوانکراوەکان دەستنیشان دەکەین بەهەندوەرگرتنی بوونی خزمەتگوزاریی پارکە گشتییەکان لە ئێستادا، بەپێی پێوەرەجیهانی و ناوخۆییەکانی پلانسازی لەسەربنەمای ژمارەی دانیشتوان بۆ پارکە گشتییەکان دەخرێتەروو بە پشت بەستن بە پێوەری جیهانی (16.2م٢) لە ڕوبەری پارکی گشتی بۆیەک کەس لەکۆی دانیشتوانی شار(ماڵپەڕی APA). بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

خشتەی (4)

خەمڵاندنی پێداویستی داهاتووی لە خزمەتگوزاری پارکی گشتی بۆ ساڵانی (2039,2029) بەپێی گریمانەکانی گەشەی دانیشتوان و ڕوبەری پارکەکان بۆ ساڵی 2019

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | کۆی ڕووبەری پارکی پێویست بە پێی پێوەر بە م٢ | بڕی کەم وکوڕی پێویستی لە ڕووبەری پارک بە م٢ |
|---|---|---|---|
| ساڵی بنەڕەت ٢٠١٩ | 768058 | 12442540 | 641757 |
| تێکرای خەمڵاندنی نزم بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٢٩ | 891363 | 14440081 | 2639298 |
| تێکرای خەمڵاندنی مام ناوەند بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٢٩ | 1032206 | 16721737 | 4920954 |
| تێکرای خەمڵاندنی بەرز بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٢٩ | 1192771 | 19322890 | 7522107 |
| تێکرای خەمڵاندنی نزم بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٣٩ | 1034463 | 16758301 | 4957518 |
| تێکرای خەمڵاندنی مام ناوەند بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٣٩ | 1387198 | 22472608 | 10671825 |
| تێکرای خەمڵاندنی بەرز بۆ گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٣٩ | 1852336 | 30007843 | 18207060 |

سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بەخشتەی (3)، ماڵپەری فەرمی دامەزراوەی پلانسازی ئەمریکی، https://www.planning.org/pas/reports/report194.htm.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەپشـت بەسـتن بە پێوەرەکان پێداویسـتییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە جیاوازە لەکاتی بەراورد کردنیان بە پێوەرە پلانڕێژییەکان بۆ ئێســتاو بۆ داهاتوو بەســێ گریمانەی ئاماژەپێکراوی گەشــەی دانیشــتوان. ســەبارەت بە پارکە گشـتییەکان ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی حەوت پارکە لەئێســتادا کە کۆی گشــتی ڕووبەریان (11800783م٢) یە، بڕوانە خشتەی ژمارە(2). وە پشکی تاک لەو ڕوبەرە (15.4 م٢) یە، بەنزیکەیی هاوتای پێوەرەجیهانییەکانە. دەتوانین بڵێین لەڕووی پارکی گشتییەوە شارەکە تاڕاددەیەک بۆ ئێستا گونجاوە، بەڵام بە بەراوردکردنی لەگەڵ هەندێک لە شارە گەورەکان ی ووڵاتانی دیکە لەســەر ئاســتی جیهان، دەبینین کە ئەم ڕێژەیە تاراددەیەک کەمە، بۆ نموونە لەشــاری واشـنتۆن بەشـی تاک (45.7 م٢)، بۆن(37.4 م٢)، کۆپنهاگن (35 م٢)، لەندەن(25.8 م٢)، ڕۆما(23.5 م٢) وە سـیئۆل (17.4 م٢)، وە هەروەها بەبەراورد بە چەند شـارێکی ووڵاتانی نزیک بە ناوچەی لێکۆڵینەوە پشـکی تاک لە ناوچەکە لە ئاســتێکی زۆر باشــدایە بۆ نموونە لە ئیماراتی عەرەبی پشــکی تاک (13 م٢). و لە ســعودیە تەنها (7.5 م٢) ( علي عثمان،2009 ، ص 141). شایانی باسە حکومەتی ناوندی عیراق پێوەری کارپێکراوی بۆ پارکی گشتی بریتیە لە (6.5 م٢) وەک پشــکی تاک(علا لطفي ، 2019، ل35). کەدیارە بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ئابوری وڵات و ژێرخانەکەی ئەم ڕێژەیە دانراوە، خۆشــبەختانە ناوچەی لێکۆڵینەوە نزیکەی دووئەوەندەو نیوی ئەم پێوەرەیە، ئەویش بەهۆی بوونی پارکی هەرێمی هەواری شـارە، خشـتەی ژمارە(4) پێویسـتی ڕووبەری پارکی بۆ ئێسـتاو سـاڵانی ئامانج تێدا پیشـان دراوە.

سەبارەت بە دابەشبوونی پارکە گشتییەکان وەک لە نەخشەی (3) دا دیارە تاڕادەیەک ناهاوسەنگی هەیە بەوەی کە سێ پارکیان کە پارکی ئازادی و باخی گشتی و پارکی دایکە دەکەوێتە ناوەندی شارەوە، سەرەڕای ئەوەش کە دووری نێوان چاقی لاند و پارکی مەلیک مەحمود زۆرکەمەو لەسـەر هەمان شـەقامن وە ئەم دووانەشـیان دەکەوێتە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات، وە پارکی هەواری شار دەکەوێتە باکوروباکوری خۆرئاوای شارەکە وە بەیەکێک لە پارکە گەورەکان دادەنرێت لەســەر ئاســتی شــارەکە و هەرێمی کوردســتان، وە پارکی مەولانا کە تازەترین پارکە دەکەوێتە باشــوری شــارەکە، بەمەش دەبینن کە لە باشـوری خۆرئاوا و خۆرهەڵات و باشـوری خۆرهەڵاتی شـارەکە هیچ پارکێکی گشـتی هاو شێوەی پارکەکانی دیکە بوونی نیە ئەمە سەرەڕای زۆری چڕی دانیشتوان لەو ناوچانەدا، وەک لە خشتەی (4) دەر دەکەوێت کە ڕوبەری پارکی پێویست لە شارەکەدا بۆ ساڵی (2019) بریتیە لە (641757 م٢) بۆیە پیشنیار دەکەین کە ئەم ڕوبەرە دیزاین بکرێت لەسـەر شـێوەی دوو پارکی مۆدێرن کە یەکێکیان لە خۆرهەڵات وباشـوری خۆرهەڵات و ئەوی تریان لە باشوری خۆرئاوا بنیات بنرێت.

**ئەنجام:**

لە میانەی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١. خزمەتگوزاری پارکە گشتییەکان لە شارەکاندا بەشیکی گرنگی داخوازی وپێداویستی دانیشتوانە.

٢. ژمارەی پارکە گشتییەکان لە شاری سلێمانیدا(٧) پارکە، کە کۆی ڕووبەریان(11800783م٢)یە،وە جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێت لە ڕووبەری پارکەکاندا، بۆ نموونە بەتەنها ڕووبەری پارکی هەواری شـار(١٠٠٠٠٠٠م٢)یە، لەکاتێکدا پارکی مەولانا ڕووبەرەکەی(132000 م٢)یە.

٣. دابەشبوونی ئەم پارکانە ناهاوسەنگن،بەشێوەیەک کە لە خۆرهەڵات وباشووری خۆرهەڵات وخۆرئاواو باشوری خۆرئاوا هیچ جۆرە پارکێک هاو شێوەی ئەم پارکە گشتییانە بوونی نییە، ئەمە لەکاتێکدایە سیان لەم پارکانە دەکەونە ناوەندی شارەوە.

بە بەراورد بە پێوەری جیهانی لە پشکی تاک لە ڕووبەری پارک ، لە ئێستادا بڕی کورتهێنان لە ڕووبەری پارک بریتییە لە (641757 م٢) بە پشتبەستن بە ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠١٩.

٤. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشـــتوان پیویســـتی بۆ زیادکردنی رووبەری پارک زیاد دەکات ئەویش بەپێی گریمانەکانی پاش خەمڵاندنی گەشـــەی دانیشـــتوان بە ســێ گریمانەی (نزم وناوەندوبەرز) بۆ ســـاڵانی(٢٠٢٩ و٢٠٣٩) گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

أ) بەپێی گەشەی دانیشتوانی نزم 1,5% لەنیوان ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٩ پێویستی لە ڕووبەری پارک (١٤٤٤٠٠٨١م٢).

ب) بەپێی گەشەی دانیشتوانی مامناوەند 3% لەنیوان ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٩ پێویستی لە ڕووبەری پارک (١٦٧٢١٧٣٧م٢).

ج) بەپێی گەشەی دانیشتوانی بەرز4,5% لەنیوان ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٩ پێویستی لە ڕووبەری پارک (١٩٣٢٢٨٩٠م٢).

د) بەپێی گەشەی دانیشتوانی نزم 1,5% لەنیوان ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٣٩ پێویستی لە ڕووبەری پارک (١٦٧٥٨٣٠١م٢).

ه) بەپێی گەشەی دانیشتوانی مامناوەند 3% لەنیوان ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٣٩ پێویستی لە ڕووبەری پارک (٢٢٤٧٢٦٠٨م٢).

و) بەپێی گەشەی دانیشتوانی بەرز 4,5% لەنیوان ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٣٩ پێویستی لە ڕووبەری پارک (٣٠٠٠٧٨٤٣م٢).

**پێشنیار:**

١. بە پێی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان وماستەر پلانی شاری سلێمانی شوێنی پێویست بۆ پارکەکان دابنرێت کە لەگەڵ دابەشبون وچڕی دانیشتواندا بگونجێت، تا لەداهاتوودا کێشەی کەمی ڕووبەرو ناڕێکی لە دابەشبون دروست نەبێت.

٢. بۆ ئێستا بڕی کەمی لە ڕووبەری پارکەکان بریتییە لە (641757م٢)، پێشنیار دەکەین کە ئەو ڕووبەرە دیزاین بکرێت لە شـــێوەی دوو پارکی هاوچەرخی مام ناوەند لە ڕووبەردا لە بەشـــەکانی ڕۆهەڵات یا باشـــوری ڕۆژهەڵات وە ئەوی تریش لە باشوری ڕۆئاوا.

٣. گرنگی تەواو بدرێت بە ژمارەی دانیشـــتوان لە کاتی بڕیاردان لە دروســـتکردنی پارکدا، وە هەروەها جگە لە ژمارەی دانیشـــتوان ، کۆبونەوە وچڕی دانیســـتوان بە هە ند وەربگیر ێت،کە زیاتر لەو ناو چانە بنیاتبنرێت کە چری دانیشتوانیان بەرزە، تا زۆرترین لێی سودمەند بن.

## سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردیەکان:**

١. ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

٢. بەختیار أحمد حسـین، ناوچە سـەوزاییەکانی ناو شـاری سـلێمانی ( لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شـار)، تێزی ماجستێر (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، ، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، ٢٠١٠.

3. جمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012.

4. ســروە جلال حمە، گۆڕانکاری دانیشـــتوان لە پارێزگای ســلێمانی لە ماوەی نێوان ســاڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢) دا (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیـای دانیشـــتوان)، تێزی دکتۆرا (بڵاو نەکراوە)، زانکۆی ســلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، ٢٠١٩.

٥. شـیروان عمر ڕشـید، بنەماکانی جوگرافیای سـروشـتی دروسـتبوون و گەشـەپێدانی گەشـتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، ٢٠٠٦.

**سەرچاوە حکومیەکان :**

1. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سـلێمانی، زانیاری ئاماری دانیشـتوانی پارێزگای سـلێمانی بۆ سـاڵی 2009 وە پێشـبینی گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی 2020.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، 2019.

3. حکومەتی هەرێمی کوردســتانی عیراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ســلێمانی، بەشــی GIS، 2019.

4. داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی شـارەوانی سـلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەکانی ( google earthpro , Arc MAP 10.3,GPS coordinates app,v4.55)

٥. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠١٩.

٦. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە، ئاماری ساڵی ٢٠٢٠.

7. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠/١/٢٦

٨. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز ئامانج علی احمد، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٢٠/٥/١٨ .

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1. امنة ابو حجر، الجغرافية السياحية، دار اسامة للطباعة والنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، عمان-الاردن، ٢٠١١.

٢. بيان علي حسين، تحديد نطاق تأثير المراكز الصحية فى مدينة السليمانية عام ٢٠١٨ بأ ستخدام نظم المعلومات الجغرافية، مجلة(جامعة السليمانية) القسم(B) للدراسات الانسانية، العدد( ٥٩)، ٢٠١٩.

٣. على عثمان محمد شارباذيري، واقع تصاميم الحدائق والمتنزهات لمدن اقليم كردستان العراق(دراسة نقدية وتحليلية)، اطرحة دكتوراه مقدمة الى مجلس كلية الزراعة، جامعة السليمانية، (رسالة غير منشورة)، ٢٠٠٩.

4. كامران طاهر سعيد، توسع مدينة السليمانية بتأثيرالأثر الحضري، أطروحة دكتوراه (غيرمنشورة)، جامعة سليمانية، كلية علوم الأنسانية، قسم الجغرافية، ٢٠١١.

5. فؤاد بن غضبان، الخدمات الحضرية برؤية جغرافية معاصرة، الطبعة الاولى، دار المنهجية، عمان، ٢٠١٥.

6. محمد حزام صالح بن صالح، الترفيه والسياحة في مدينة ومحافظة صنعاء(دراسة في حغرافية السياحة)، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، جامعة بغداد، كلية التربية آبن رشد، قسم الجغرافية، بغداد، ١٩٩٩.

7. محمد على انباري، لادن طه محمد و اشراق طاهر الاعرجي، تقيم الواقع الاخضر لمدينة الحلة و سياسات التحضير المطلوبة، مجلة البحوث الجغرافية، عدد (20)، 2014.

8. علا لطفي مهدي، المؤشرات التخطيطية لتنمية الخدمات المجتمعية في مدينة الخضر، رسالة ماجستير، كلية الرتبية للعلوم االنسانية، قسم الجغرافية، جامعة المثنى.2019.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1. Chya Kadir Rashid, Study of the natural components of Hawary Shar Park in Sulaymaniyah city, mster thesis, Faculty of Agricultural Sciences University of Sulaimani,2014.

2. Grzywacz, R., & Żegleń, P. (2014). *Principles of Tourism and Recreation*. Wydawnictwo Uniwersytetu Rzeszowskiego.

3. Kotler, Philip, Kevin Lane Keller, Abraham Koshy and Mithileshwar Jha. 2009. Marketing Management, 13th ed. Dorling Kindersley, New Delhi.

4. Lagrosen, S., & Lagrosen, Y. (2003). Management of service quality–differences in values, practices and outcomes. Managing Service Quality: An International Journal.

5. Parasuraman, A., Zeithaml, V. A., & Berry, L. L. (1985). A conceptual model of service quality and its implications for future research. *Journal of marketing*.

6. Quinn, James Brian and Christopher E. Gagnon. 1986. Will Services follow Manufacturing into Decline? Harvard Business Review (November-December).

**چاوپێکەوتن :**

1. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز هاوژین احمد، لێپرسـراوی بەشـی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٢٦ .

**ماڵپەڕ و وێبسایتەکان:**

١.ماڵپەڕی فەرمی فاملی مۆڵ، http://www.familymallsul.com، 17-01-2021.

٢. ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاک

https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=15335&type=farhang ، 25/2/2020.

3. https://www.planning.org/pas/reports/report194.htm

٤. وێبسایتی فەرمی پرۆژەی چاڤی لاند، https://chaviland.org،١٧-٠١-٢٠٢١.

٥.ماڵپەری فەرمی دامەزراوەی پلانسازی ئەمریکی، https://www.planning.org/pas/reports/report194.htm